سڵاو فێرخوازانی خۆشەویست، ئەم کاتەتان باش

بە ناوی ڕاگرایەتی پەیمانگەی تەکنیکی کوردستانەوە و بە بۆنەی بەرەوپێشچوونتان لە قۆناغەکانی خوێندن و بەرێکردنی دوو ساڵی خوێندن لە پەیمانگە، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین و، شانازیتان پێوەدەکەین.
سوپاس و دەستخۆشیمان بۆ مامۆستایان و ستافی سەرجەم بەشەکان لە هەوڵ و ماندووبوونیان لەگەڵ ئێوەی خۆشەویست، کە هەریەکەتان بوونەتە کەسێکی بە توانا لە بوارەکەی خۆتاندا.
بەرێزان لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕۆژی گرتنی (وێنەی دەرچوون)ی بەشەکان ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان، وێنەگرتنەکەش لە ژینگە جوانەکەی لەناو کەمپی زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان بەڕێوەدەچێت..
خۆشەویستان وێنەگرتنەکە لە سێ ڕۆژدا ئەنجامدەدرێت و هەموو وێنەگرتنەکە لە کاتژمێریک یان دوو کاتژمێر زیاتر ناخایەنێت، هیواداریین لەم خۆشییەدا سەرجەم فێرخوازان بەشداربن و دڵنیا بن ئەم دەرفەتە دووبارە نابێتەوە..

| ز | بەشەکان | ڕۆژ-ڕێکەوت | کات |
|---|---|---|---|
| ١ | تەکنەلۆجیای زانیاری | دووشەممە 2025/4/28 | 01:30 |
| ٢ | دیجیتاڵ میدیا | دووشەممە 2025/4/28 | 02:00 |
| ٣ | شیکردنەوەی نەخۆشییەکان | دووشەممە 2025/4/28 | 02:45 |
| ٤ | سڕکردن | دووشەممە 2025/4/28 | 03:30 |
| | | | |
| ١ | پەرستاری جوانکاری | سێشەممە 2025/4/29 | 01:30 |
| ٢ | ژمێریاری + کارگێڕی کار | سێشەممە 2025/4/29 | 02:00 |
| ٣ | دیکۆر-دیزاینی ناوەوە | سێشەممە 2025/4/29 | 02:45 |
| | | | |
| ١ | پەرستاری | چوارشەممە 2025/4/30 | 01:30 |
| ٢ | دەرمانسازی | چوارشەممە 2025/4/30 | 02:00 |

بەڕێزان بۆ وێنەگرتنەکە تکاتان لێدەکەین ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

- خۆشەویستان ئەم ڕۆژانە ڕۆژی خۆشی ئێوەیەو ئێمەش لە پەیمانگە و لە بەشە جیاوازەکان لەگەڵتان بەشدار دەبین، تکایە مەهێڵن کەس خۆشییەکانتان تێکبدات.
- پابەندبوون بەو کاتانەی بۆتان دیاریکراوە، بۆ ئەوەی مافی هاوڕێ و هاوپیشەکانتان لەبەشەکانی تر نەفەوتێت.
- دەتوانن لە ڕێی ئیمەیلەوە مامۆستاکانتان لە بەشەکان ئاگادار بکەنەوە و داوای وێنەگرتنیان لێبکەن کە پێش کاتی وێنەگرتنی بە کۆمەڵ پێکەوە وێنەی یادگاری بچرکێنن.
- سەبارەت بە دانان و ڕازاندنەوەی مێز و لەمەسات، بەڕێزتان ئازادن کە کوێ هەڵدەبژێرن، یان هەر دەتوانن لە ناو کەمپی زانکۆی نێودەوڵەتی قەیوان مێزەکانتان بڕازێننەوە، هەر وەک چۆن لە ساڵانی پێشوودا هەبووە.
- سەبارەت بە ئاهەنگی شەوانەش لە ڕێی نوێنەری گشتی و کۆبوونەوەی سەرجەم نوێنەرەکان بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی پەیمانگە و بە هەماهەنگی، هۆڵەکە دیاریدەکەین و بڕیار لەسەر بڕی پارەو شوێنەکەش دەدەین، کە هەر فێرخوازان خۆتان بە ئاگاداری ڕاگرایەتی سەرپەرشتی دەکەن.
- سەبارەت بە میوان، دەتوانن تەنها میوانی پلە یەکی خۆتان بانگهێشت بکەن بۆ ئاهەنگی شەوەکە.
- سەبارەت بە بلیتی وێنەگرتنەکەش هەر فێرخوازێک دەتوانێت سەردانی بەشەکەی خۆی بکات و لای بەڕێز یاریدەدەری کارگێڕی بەش بلیت وەربگرێت، کە دە ڕۆژ پێش دەستپێکردن بەردەست دەبێت و، بەبێ بلیت فێرخواز ناتوانێت بەشداری وێنەگرتنەکە بکات.
- هەر زانیارییەکی دیکەش پێویست بکات پێشوەختە بە ئیمەیل ئاگادار دەکرێنەوە.

دووبارە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەتان لێدەکەین و هیوای بەرەوپێشچوونی زیاترتان بۆ دەخوازین..

**بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان**